

# ئارام سالْح: ئەو بابەتە ڕەخنەییانەی لە ١٠-١٥ ساڵی ڕابردوودا نووسراون، زۆر کەم تەجاوزی مەسەلەی هاوڕێیەتی و دەستەوایی و شارایەتییان کردووە

**سازدانی: تەبا فەرەیدون**

–لە گەڕەکی قەڵات لە شاری کۆیە لەدایک بووە.
–کۆلیژی یاسای لە زانکۆی کۆیە تەواوکردووە
–لە دوای ڕاپەڕینەوە بە کاری ڕۆژنامەنووسییەوە خەریکە و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ درێژەی بەم کارەی داوە.

# دیدار

**-ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (راپەڕین) بووە لە شاخ.**
**-جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (هامون)ە.**
**-بۆ ماوەی (١٠) ساڵ (١٩٩٣- ٢٠٠٣) بەرنامەیەکی ئەدەبی و هونەریی بە ناوی (گوڵزاری ئەدەب و هونەر) لە تەلەفزیۆنی کۆیە ئامادەو پێشکەش کردووە.**
**-ساڵی ١٩٩١ یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەناوی (مژدەی مەرگی گەڕەلاوژە) بە چاپ گەیاندووە**
**-دووەمین کۆمەڵە شیعری لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ بەناوی (نهێنییەکانی ژێرلێوی حەقیقەت) بڵاوکردووەتەوە.**

***ژیانی شاعیرو بەهرەمەند چۆن دەگوزەرێ؟**

-دیارە ئەرکی شاعیرو بەهرەمەندان ململانێ و بەگژاچوونەوەی ئەو قەیران و ژان و ئازارانەیە کە لە ڕۆژگارو سەردەمەکەیاندا دێتە ئاراوە.. ئەوان هەمیشە لە کێشمەکێش و بەرەنگاربوونەوەی ئەو کۆت و بەند و چوارچێوە و بازنە داخراوانەن، کە کۆمەڵگە ڕەنگرێژی کردوونو شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ دیاردە دزێو و دابونەریتە دارزیوەکاندا دەکەن، بێگومان چوونە ژێر باری ئەم ئەرکە قورسەش بەدەرنییە لە ئازاری دەروونی و دڵەڕاوکێ و دووچاربوون بە تەنهایی و گۆشەگیری، بەڵکو زۆرجاران ڕەشبینی و شکستی ڕۆحی دەگاتە ئاستی خۆکوشتن، هەروەک دەزانین چەندین گەورە نووسەری جیهانیی وەک هەمەنگوای و سادقی هیدایەتو مایکۆفسکی و... هتد دووچاری ئەم حاڵەتە بوون. شاعیرو بەهرەمەندان هەمیشە پڕاوپڕن لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ، بەردەوام لەگەڵ شکستە دەروونی و خەون و خولیا بەدی نەهاتووەکانیان ڕێ دەکەن. بە کورتی ئەو دالەنگین و ناهاوسەنگییەی کە تەنگژە و ئێش و ئازارەکانی سەردەم لە ڕۆحی شاعیرو بەهرەمەندان دروستی دەکات مەودای ژیانی کورت دەکاتەوەو ڕووبەڕووی مەرگی ناوادەیان دەکاتەوە.

***سەردەمی منداڵی و سەرەتای هاتنە ناو دونیای شیعر؟**

-تەمەنی منداڵیم چانسێکی گەورە یاوەری بوو بەوەی (شەفیق بەیاد)ی مامم، کە ڕووناکبیر و شاعیرێکی ناسراوی شاری کۆیەیە، لەگەڵ مامێکی ترمدا بەناوی (غەفوری ئەحمەد ئاغا) کە ئەویش دەستی شیعرنووسینی هەبوو و نازناوی (خۆرسک) بوو، زۆربەی هەرەزۆری شەوان لە ماڵی خۆماندا کۆدەبووینەوە و کۆڕ و مەجلیسی شیعر گەرم دەکرا. گەلێ جارانیش شاعیر و ڕووناکبیری ناسراو (مامۆستا عوسمان مستەفا خۆشناو) کە دۆستێکی زۆر ئازیزو خۆشەویستی بنەماڵەکەمان بوو کاتێ لامان میوان دەبوو، حزوری ئەو زاتە هێندەی تر کۆڕو شەو دانیشتنەکەی بە جۆشوخرۆش دێناو تا درەنگانی شەو لە کەشێکی پڕاوپڕ لە جوانی و ناسکی شیعر بەسەرمان دەبرد.. ئەم کەشە سیحرئامێزە وردە وردە هەست و هۆشی بەرەو دیمەنی ڕەنگاڵەیی شیعر کەمەندکێش دەکردم و تا دەهات ڕۆحمی زیاتر ئاشناو هەلوەدای دونیای وشەو ناسکی و جوانیی شیعر دەکرد. لە دەرەوەی ماڵیش هاندانی مامۆستایانم لە خوێندنگاو هامۆشۆکردنم بۆ دوکانە بچوکەکەی (سامی عەودالّ)ی شاعیر کە وەک یانەیەکی ئەدەبی وابوو بۆ شاعیر و قەڵەم بە دەست و هەوادارانی شیعر، کاریگەریی زۆریان کردە سەر گەشانەوەی بەهرەم و زیاتر متوی شیعریان کردم. هەر لە یانە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکەی سامی عەودالّ لەگەڵ (مدرک ژالّی) یەکتریمان ناسی و بووین بە هاوڕێی شیعرو ئەدەب، هاندانی ئەو کاریگەریی زۆری هەبوو

# ئەو چێژو ئەفسون و ئیستاتیکا و نەمرییەی کە لە شیعردا بەدیی دەکەم، لە هیچ بوارو بابەتێکی تری نووسیندا بەدیی ناکەم

لەسەر گەشەکردنی خولیاو بەهرەی شیعریم، ئەو زووتر لە من دەستی دابووە شیعرنووسین، بە حوکمی ئەوەش کە باوکی زانای ئاینی بوو و کتێبخانەیان لە ماڵەوە هەبوو، کتێب و سەرچاوەی جۆراوجۆری زۆرتری خوێندبووەوە.

***دوای پانزە ساڵ لە بڵاوکردنەوەی (مژدەی مەرگی گەرەلاوژە) دووەم کۆمەڵە شیعرت بەناوی (نهێنییەکانی ژێرلێوی حەقیقەت)ت بەچاپ گەیاند، لەم کۆمەڵە شیعرەی دووەمتا تا چەند رووەو تاقیکردنەوەیەکی تر هەنگاوت ناوە؟**

–دیارە (نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت) ئەزموونێکی تەواو جیاواز و سەربەخۆیە لەوەی پێشووم، چ لە رووی دنیابینی و فکرەوە چ لە رووی گرنگیدان بە چڕکردنەوەو شێوازی دەربڕین و وێنەی شیعری و.. هتد. پێم وایە ئەو وتار و لێکۆڵینەوە رەخنەییانەی کە لە دووساڵی ڕابردوودا لەلایەن هەریەک لە رەخنەگری ناسراو (کەمال غەمبار و دکتۆر علی تاهیر بەرزنجی و فەرەیدون پێنجوێنی و دکتۆر ئەکرەم خامۆش) کە لەسەر کۆمەڵە شیعرەکە بڵاوکراونەتەوە، تا رادەیەکی باش وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە.

***تا چەند رەخنە هاوکاروانە؟**

–ئاوڕدانەوەیەک لە رووپەڕی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارە ئەدەبییەکانی دوای ڕاپەڕین ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە بۆشاییەکی گەورە لە بواری رەخنەی کوردی هەیە. ڕەخنەی کوردی بە بەراورد لەگەڵ قەبارەو چەندایەتیی دەقی ئەدەبی، ئامادەبییەکی کەمی هەبووەو نەیتوانیوە هاوکاروانی ڕەوتە ئەدەبییەکە بێت، زۆربەی هەرەزۆری کارە ئەدەبییەکانی دوای ڕاپەڕین بە بێ دەنگی و بە بێ هیچ قسە لەسەر کردن و هەڵسەنگاندنێک تێدەپەڕن. پێش ڕاپەڕین ژمارەیەک رەخنەگری چالاک و بەتوانا لە مەیدانەکەدا هەبون، کە تا ڕادەیەکی باش هاوکاروانی رەوتە ئەدەبییەکە بوون، دواتر زۆربەیان دەنگیان نەما و پشتیان لەم بوارە کرد.. ئەو چەند بابەتە رەخنەییانەش کە لە دە پانزە ساڵی ڕابردوودا نووسراون جگە لە ژمارەیەکی کەمیان ئەوانی تر زۆر بە کەمی تەجاوزی مەسەلەی هاوڕێیەتی و دەستەوایی و شارایەتییان کردووە! کە ئەمەش جێگەی داخەو بە زیانێکی گەورە بەسەر ئەدەبی کوردیدا دەشکێتەوە.

***شاخ و پێشمەرگایەتی و شیعر و بیرەوەری؟**

–دوای ئەوەی ساڵی ١٩٨٠ چەند هاوڕێیەکی ڕێکخستنی ناوشار لە هەولێر دەستگیرکران، یەکێ لەو هاوڕێ دەستگیرکراوانەمان کە (هونەرمەند!) بوو ئیعترافی لەسەر من کرد، خۆم لە دەست دائیرەی ئەمن رزگارکردو رووم کردە شاخ و بووم بە پێشمەرگە.
پاشان کە بارەگای کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەولێر لە گوندی وەرتێ دانرا لەسەر پێشنیاری ئەدیب و نووسەری ناسراو (حاجی مەمۆ) کە کادیرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو، چووم بۆ ئەوێ و لە بەشی ڕاگەیاندن دەستبەکار بووم.
لەوێ بە دیداری (فەرید ئەسەسەردو ئازاد جوندیانی و فەرید زامدار و کاکە عەبەی هونەرمەندو شەهید حەسەن کوێستانی نووسەرو ئەدەبدۆست و جەوهەر کرمانج و نزار خەیلانی) شادبووم.
دواتر (موکری)ش بەخۆی و (سەگوەڕ)ەکەیەوە هاتە لامان، بەڵام ئەو زۆر نەمایەوەو چوو بۆ سەرکردایەتی.. کۆبوونەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئەدیب و هونەرمەندان لەوێ، جگە لەوەی بۆ من مایەی دڵخۆشی بوو، زەمینەیەکی لەباریشی رەخساند تا هەموومان بە یەکەوە ڕۆڵی خۆمان بگێڕین لە خزمەتکردن و بەرەوپێشبردنی ئەدەب و هونەری کوردی، وێڕای ئەنجامدانی کارو چالاکیی جۆراوجۆری

دیارە ئەرکی شاعیرو بەهرەمەندان ململانێ و بەگژاچوونەوەی ئەو قەیران و ژان و ئازارانەیە کە لە ڕۆژگارو سەردەمەکەیاندا دێتە ئاراوە.. ئەوان هەمیشە لە کێشمەکێش و بەرەنگاربوونەوەی ئەو کۆت و بەند و چوارچێوە و بازنە داخراوانەن، کە کۆمەڵگە رەنگرێژی کردوونو شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ دیاردە دزێو و دابونەریتە داڕزیوەکاندا دەکەن

ڕاگەیاندن و چاپکردنی کتێب و بڵاوکراوە و سازدانی کوڕ، ساڵی ١٩٨٢ بە پشتگیریکردنی خوالێخۆشبوو (دکتۆر کەمال خۆشناو) بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکی گشتیمان گەڵاڵە کرد، کە دواتر بیرۆکەکە بوو بە عەمەلی و لەسەر پێشنیاری (ئازاد جوندیانی) گۆڤارەکە ناونرا (ڕاپەرین)، پاشان دەستەی نووسەرانی بۆ دیاری کرا، کە پێکهاتبوون لە (ئازاد جوندیانی، یوسف شەریف، فەرید زامدار، کاکە عەبە، ئارام ساڵح)، یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکەمان لە تەمموزی ساڵی ١٩٨٢ لە چاپخانەی شەهید جەعفەر چاپکرد کە بابەتی جۆراوجۆری سیاسی و ئەدەبیی لەخۆگرتبوو.. لەو لاپەڕانەی کە لە گۆڤاری ناوبراو بۆ شیعرو چیرۆک تەرخان کرابوون لەو یەکەمین ژمارەیەدا سێ (٣) پارچە شیعری من بڵاوکراوەتەوە کە ناونیشانەکەیانم لە یاد نەماوە، ئەوەندەی بزانم لەو بابەتە شیعرییە شۆڕشگێڕی و حەماسیانە بوو کە لە قۆناغی ئەوسا کاریگەرییان بۆ سەر دڵ و دەروونی جەماوەرو پێشمەرگە هەبوو. ئەگەرچی ئەم گۆڤارە تەمەنێکی دوورودرێژی نەبوو، بەڵام لەمیانی ئەو چەندەها ژمارە سەنگین و بەپێزەیدا کە دەیان بابەتی سیاسی و فکری و ئەدەبی و هەمەرەنگی لەخۆگرتووە، خزمەتێکی بەرچاوی بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی کرد.

بەکورتی ڕۆژگاری شاخ و پێشمەرگایەتی وێڕای ئاستەنگ و ناخۆشییەکانی، ماوەیەکی زەمەنیی پیرۆز و پڕ لە یادگاری جوان بوو، کە لە پێناو کێشەی ڕەوای گەلەکەمان تێدەکۆشاین و لە سای ئازادی و دوور لە چاوی سانسۆر بە کامی دڵی خۆمان دەماننووسی.

***بۆچی زۆرێک لە شاعیرو چیرۆکنووسان ڕوو دەکەنە کاری ڕۆژنامەنووسی و دواتر لە ئەدەب سست دەبنەوە، دواجار ئەمیشیان دەچێ و ئەویشیان دەچێ؟**

-لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، نەبوون و دروستنەبوونی دامودەزگای ڕۆژنامەنووسی و کۆلیژی ڕاگەیاندن یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بووە، کە وای لە شاعیر و چیرۆکنووسان کردوە ڕوو بکەنە کاری ڕۆژنامەنووسی تا ئەو کەلێن و بۆشاییە پڕ بکەنەوە.. لە قۆناغی دوای ڕاپەرینیشدا یەکێ لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ خراپیی باری گوزەران، کە شاعیر و چیرۆکنووسانی ناچار کردووە بە مەبەستی نان پەیداکردن ڕوو بکەنە ئەم بوارە.. هەشبوون لە تەک شاعیرییەتی و چیرۆکنووسیدا خولیای ڕۆژنامەنووسیان هەبووە، بە ئارەزووی خۆیان ئەو پیشەیەیان هەڵبژارد و لەم مەیدانەدا کاریان دەکرد.. لای هەموان ئاشکرایە ڕۆژنامەنووسی بە (پیشەی ماندووبوون) ناسراوە، واتە ڕۆژنامەنووس هەموو دەقەو سەعاتێک بابایەکی سەرقاڵ و عەوداڵە، بە دوای بەدەستهێنانی تازەترین هەواڵ و ڕووداودا دەگەڕێ، دەبێتە چاوی پشتەوەی جەماوەر و مامەخەمەی کێشەو گرفتەکانیان. جا بۆیە ئەو شاعیر و چیرۆکنووسانەی کە ڕوویان کردووەتە بواری ڕۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی گشتی لە بواری ئەدەبدا ڕوو لە سستبوون دەکەن، بە مانایەکی تر کاری ڕۆژنامەنووسی دەرفەتێکی ئەوتۆ لە بەردەم شاعیرو چیرۆکنووس ناهێڵێتەوە، کە بپرژێتە سەر چوونە ناو دونیا تایبەتە پڕ ئەندێشە و خەیاڵ ئەفسوناوییەکەی خۆی، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر چەندایەتیی بەرهەمی ئەدەبی و کاری ناوازەو داهێنەرانەدا.

من یەک لە باری خۆم گەرچی خۆشەویستی و خولیام بۆ پیشەی ڕۆژنامەنووسی هەبووە، بەڵام هەمیشە نووسینی دێڕە شیعرێکم لا گەورەتر و پیرۆزتر بووە

لەوەی کارێکی جوان و سەرکەوتووی ڕۆژنامەنووسیم لە ساڵانی دوورودرێژی کاری ڕۆژنامەنووسیم ئەنجام دابێ، چونکە ئەو چێژو ئەفسون و ئیستاتیکا و نەمرییەی کە لە شیعردا بەدیی دەکەم، لە هیچ بوارو بابەتێکی تری نووسیندا بەدیی ناکەم.

***یاساو شیعر چۆن کۆدەکەیتەوە؟**

-یاساو شیعر نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە! شیعر دنیایەکی پڕاوپڕ لە ئەفسون و جوانی و ناسکی و خۆشەویستییە، لەکاتێکدا یاسا کۆمەڵێک ڕێساو دەقی وشکوبرینگ و شێوە مەتاتییە، لە زۆر کات و سەردەمیشدا دەبێتە دەستکەلای زۆرداران و بە ئارەزووی دڵی خۆیان جوانی و بەها مرۆڤایەتییەکانی پێ ئەتک دەکەن. جگە لەمانەش من پێش ئەوەی یاسا بخوێنم، شاعیر بووم، تەنها لەبەر هەندێ ئیعتیباراتی تایبەتی یاسام خوێند، گەرنا خوا نەکردە ڕۆژێک لە ڕۆژان قەت ئەوەم بە خەیاڵدا نەهاتووە پیشەی پارێزەری بکەم، چونکە کۆکردنەوەی یاسا و شیعر کارێکی تا ڕادەیەک نەگونجاوە و وای نابینم بە یەکەوە هەڵبکەن.

***مەرگی (بەهار) وەک ڕووداوێکی تراژیدی...**

-مەرگی (بەهار) کۆستێکی گەلێک گەورە بوو ڕۆحمی داماو و ئەنفال کرد، لە مانگی گوڵ و نێرگز و لالەو گوڵاڵەدا، لە هەرەتی بەهارێکی ڕەنگاورەنگ و دڵڕفێندا، ئەو (بەهار)ەی کە لە ناخی ناخەوە پڕاوپڕ بە دونیای ڕۆحم خۆشم دەویست لە چاوترکانێکدا ماڵئاوایی لێ کردم و بە تەنهایی و کەسەرێکی گەورەوە تا هەتایی سپاردم.

ماوەی حەوت ساڵە بوومەتە دەروێشی گۆڕستان و هەموو ئێوارانێک بە دڵێکی پڕ لە حەسرەت و شکستبار، بە چاوی فرمێسکاوییەوە لەگەڵ (محەمەد عومەر عوسمان)دا دەڵێم:

ئێوارەیە و تاوێکی تر/ گۆڕەکەی ئەگرمە باوەش/ لێی ئەپرسم/ ئاخۆ شەوان سەرمای نابێ!/ ئاخۆ سڵ ناکا/ لە گرمەی هەورو لە لورەی بارەش؟!

مەرگی (بەهار) ئەو قەسیدە ناوازەیەیە، کە تا ئێستا لە ناخ و بیرکردنەوەمدا پەنگی خواردووەو نەمتوانیوە بەرجەستەی بکەم، جگە لە چەند کۆپلە شیعرێک و شیعرێکی گۆرانیئامێز چیترم بۆ نەنووسراوە. دیارە زۆر حەز دەکەم ئاوازێکی گونجاو بەبەر شیعرە گۆرانی ئامێزەکەدا بکرێ، کە بریتییە لەم سێ کۆپلەیەی خوارەوە:

کە (بەهار)م لێ ئاوابوو<br>
ڕۆحم پایزی لێ داهات<br>
سەیری باخی چاوانم کەن<br>
چ فرمێسک ڕێزانێکە!!<br>
×××<br>
کە (بەهار) مردنی ژەنی<br>
گۆڕستان بوو<br>
بە گوڵستانێ<br>
لە ئاوازی بێ پسانەوە<br>
ڕۆحی منیش<br>
پەپوولەیەك لە گۆرانی<br>
بەسەر چڵی تا هەتایی گریانەوە<br>
×××<br>
لە دوای (بەهار) کوانێ کەسێ<br>
نازی گریانم هەڵگرێ؟!<br>
لەم تەنهایی ڕێزانەدا<br>
تەنها هەر پایز شك دەبەم<br>
کە جارجارێ بە دەستی نەرمی بارانی<br>
فرمێسکی چاوانم بسڕێ